# سیاسەتی کوردی بەرانبەر تورکیا پێویستی بەگۆڕانە

د. عەبدولڕەحمان مەولوود

شـــــەکری تـــــاڵ

لە چەند ساڵی رابردوو کورد لە باشوری کوردستان زۆری دانواند بەرانبەر تورکیا .ئەگەر تاکو ئێستا بیانوو بۆ ئەم سیاسەتە ئەمە بێت کە گوایە لە رێگای ئەم سیاسەتە بەر بە شەرانگیزی تورکیا گیراوە دژ بە هەرێمی کوردستان، ئەوا لە ئێستادا ئەم سیاستە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە بە هۆی ئەم ئالوگۆرە قوولەی بەسەر ناوچەکەدا هاتووە .

لە ئێستادا، ئابووری کوردستان بەشێکی جیانەکراوەی ئابووری تورکیایە. ئەمەش مانای ژێردەستەیی کوردستان بۆ دەولەتی تورکیا دەگەێنێت. چونکی خەباتی گەلی کوردستان لە باشور بۆ ئەوە نەبووە لە ژێر دەستی عێراق رزگاری بێت تاکو ببێتە ژێر دەستی تورکیا، سیاسەتی دانواندن و پاشەکشەکردن بەرانبەر تورکیا زوو یان درەنگ پێویستە کۆتایی پێ بێت. هەر بۆیە، لە ئێستادا سیاسەتی کوردی ئەگەر دژایەتی تورکیاش نەکات، لانی کەم پێویستە پشتیوانی سیاسەتی تورکیا نەکات .

سەرکەوتنی کورد لە سوریا ئەو هەلە بۆ هەرێمی کوردستان فەراهەم دەکات کە بەکەمترین دەردی سەر بتوانێ سیاسەتی خۆی لە هەمبەر تورکیا بگۆڕێ، واتە واز لە بەرگری سلبی بێنێت و لە ژێردەستەیی تورکیاش رزگاری بێت. هەر بۆیە، سیاسەتی کوردی، بەتایبەتیش سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تاکو ئێستا درێژەدانە بە سیاسەتی پشتیوانی کردن لە تورکیا، پێویستە بگۆڕێ.

پەیڕەو ریکخراوێکی بێ کەموکوری نییە، بەڵام ئەستەمە مرۆ بڕوا بەوە بێنێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەخۆرا یان لەبەر خاتری دیموکراسی لە رۆژئاوای کوردستان بووە بە پارێزەری مافی حیزبە بچووکەکان. پارتی پێویستە لەجیاتی کارکردن لەسەر فەراهەمکردنی زەمینەیەك کە تیایدا کوردی سوریا ببێتە بەشێك لە ئەجندای تورکیا، بیر لە چۆنیەتی بەهێزکردن و سەرخستنی کوردان لە خۆرئاوا بکاتەوە.

پێویستە هەموو لایەك لەو راستییە بگەن کەوا رێگای ئازادی کوردان بە ئەنقەرە تێپەر نابێت. هەروەها، هەرێمی کوردستان بەو هەلومەرجەی تێدا کەوتووە کە بە تەواوی لە ژێر چەپۆکی تورکیایە زوو یان درەنگ دووچاری